# لە هەناوی عەشقەوە

هەواڵنامەی کتێب

کنێر عەبدوڵڵا

٢٠٢١

ناوی هۆنراوە | ژمارەی لاپەڕە

لەم دیو دەرگاوە.......... ٩
لەناکاو.......... ١١
زەنگ لێیدا.......... ١٤
عەشقێک دەبێتە پەرتووک.......... ١٧
لە چاوەڕوانی شازادەدا.......... ١٩
رووبار.......... ٢١
تابلۆیەک لەشێوەی تۆ.......... ٢٣
لەناکاو هاتیت !.......... ٢٥
کاتژمێر !.......... ٢٨
چی ؟!.......... ٣٠
نیشتمانێک!.......... ٣٢
هەفتەیەک.......... ٣٤
سیانەیەکی ئازاد!.......... ٣٦
هەسارەیەکی تر.......... ٣٨
شازادەکەم.......... ٤٠
تابلۆیەکی جیاواز.......... ٤٣
رۆژێک.......... ٤٥
فێرت کردم.......... ٤٧
وانەکانی عەشق.......... ٤٩
بمبورە.......... ٥٢
زەنگ.......... ٥٥
نزا.......... ٥٧
رۆژێکی تر!.......... ٥٩
دڵنیام.......... ٦١
عەشق لە رۆژانی کۆرۆنادا.......... ٦٣
ڤایرۆسێک.......... ٦٦
لە لوتکەی گۆیژەوە.......... ٦٨
جیهانی تۆ.......... ٧٠

هەواڵنامەی کتێب

لەمێژە.....٧٢
نەمدەزانی.....٧٤
تکا.....٧٧
من و تۆ.....٨٠
بیرتان دەکەم.....٨٢
سەری بڵند.....٨٥
گومانت نەبێ.....٨٧
حەوانەوە.....٨٩
خەیاڵ.....٩١
بە...ڵێ...ن.....٩٤
ماڵئاوا.....٩٦
بوتڵێک لەشێوەی تابووت.....٩٨
سێبەر.....١٠٠
قاوەیەکی ئێجگار تاڵ.....١٠٣
کورسی عەشق.....١٠٥
لە چاوەڕوانییەکی بێشومار.....١٠٧
گەر نەتوانم.....١١٠
دەنگێک.....١١٢
تامەزرۆ.....١١٤
تەنها تۆ.....١١٦
زەنگ و ترپە.....١١٨
لە هەناوی عەشقەوە.....١٢٠

هەواڵنامەی کتێب

هه‌واڵنامه‌ی کتێب

# پەیڤێک

**خوێنەری ئازیز...**

عەشـق، خۆشەویسـتی و دۆسـتایەتی. هتـد کۆمەڵێـک هەستوهۆشـی مرۆڤایەتی جـوان و جوامێرانەن، کـە لەڕێـی؛ دەربڕیـن و شـێوازی جۆربەجـۆری وەک؛ هۆنـراوە، پەخشـان، چیـرۆک، رۆمـان، وێنـە و پەیوەندییەکانمانـەوە گوزارشـتی پێدەکەیـن.

مـن وەک؛ فێرخوازێکـی بـواری نوسـین بـە شـێوازی جیاجیـا گوزارشـتم لـەم ووشـە جوامێرانـە کـردووە لـە شـێوەی؛ ووتـارو نامەکانـدا وەک ئـەوەی لـە پەرتووکـی « تـۆم خۆشـئەوێت، ئـەی تـۆ ؟! « دا هاتـووە کـە لـە سـاڵانی ٢٠١٣ و ٢٠١٤ دا چاپکـرا.

لـەم پەرتووکـەدا؛ هەوڵمـداوە لەرێگەیەکـی نوێـوە گوزارشـت لـە هەستونەسـتێکی دیاریکـراو بکـەم وەک ئـەوەی لـە (٥٠) هۆنـراوەی ئـەم پەرتووکـەدا بڵاومکردۆتـەوە.

خوازیـارم لەکاتـی خوێندنەوەیـدا خوێنـەر؛ چێـژی لێوەرگرێـت، هەروەهـا داواکارم ببورێـت گـەر هەرکەموکورتییەکـی تێـدا بەدیکـرد، لـەو روانگەیـەی لـە جیهانـی هۆنـراوەدا؛ تـا ئێسـتا لـە پلیکانـەی یەکەمـدا خـۆم دەبینمـەوە.

**کنێر عەبدوڵڵا**
**٢٠٢١/٥/٦**

کۆمەڵگەی پەروەردەیی مارگرێت

ناوی نووسەر: کنێر عەبدوڵڵا
تابلۆی بەرگ و ناوەوە: ڕێبوار سەعید
دیزاینی بەرگ و ناوەوە: دیاری محمد عسمان
تیراژ: 1000 دانە
نرخ: 8000 دینار
چاپ: چاپخانەی تاران
لە بەڕێوەبەرێتی گشتیی کتێبخانەکان
ژمارەی سپاردنی (1544) ی ساڵی 2021 ی پێدراوە

هەواڵنامەی کنێر

پێشکەشە بە ...

- تۆ؛ کە بوویتە هۆکارێک بۆ هەموو جوانییەکانی ژیان و جوانترینی هۆکارەکان.
- ئەو مرۆڤانەی عەشق و خۆشەویستی دەکەنە دەستێکی پەیوەندییەکانیان و ئیدی لەو ساتەوە ژیان واتادار دەبێت.

**کنێر عەبدوڵڵا**

هەواڵنامەی کتێب

# لەم دیو دەرگاوە ...

هەواڵنامەی کتێب

وەک شازادەیەک هاتوو و
نزیک دەرگایەک وەستا
بوێرانە لە دەرگای باخچەکەمیدا
لەگەڵ یەکەم لێدانیدا
ترپەی دڵ گەیشتە لوتکە
ڕۆح مەست بوو
جەستە ئۆقرەی نەما و
کەوتە سەر ئاو
شازادە...
بەترسەوە بەر یەکەم خونچە کەوت
نەیدەزانی ..
خونچەکانی تریش
لە چاوەڕوانی ئەودان و
بە شەوقەوە وێڵن
تا وایلێهات...
شازادە بوو بە  چەترێک
بۆ هەموو باخچەکە و
لە سایەی ئەودا
هەموو گوڵە جیاوازەکانی تر
نوقمی ئاوی ژیان بوون
ئیدی...
هەوڵیاندا پێکەوە
بە دەست لە ملانێ
و لێکئالاوییەوە
تینوێتییان بشکێت و
دەرگاکەش ببێتە گەواهیدەری
یەکەم ساتی مێژووی ژانیان..



هەواڵنامەی

# لەناکاو

هەواڵنامەی کتێب



لەناکاو،  شتێک هات و ڕۆشت
کتوپڕ، هەستێک جوڵا و
نەیتوانی خۆی حەشار بدات
عەقڵ و دڵ کەوتنە جەنگەوە
لە ململانێدا کێبڕکێیان دەکرد
بۆ یەکەم جار عەقڵ نەیتوانی و
حوکمی رادەستی ڕۆح و دڵ کرد
دڵیش، لەناو خۆیدا کێبڕکێی دەکرد و
هێندەی بورکانێک تەقییەوە
لە تیرامانێکی زۆر بەرین و
لە سەرابێکی زۆر بێ کۆتاییدا
تابۆکانی شکاند و
لە ئاکامدا خۆی ، لە واقعێکی ترو
ژیانێکی تردا بینییەوە
ئەوە ساتەوەختی وەرچەرخانی مێژوویی بوو
ئەوە ژیانی راستەقینەی مرۆڤەکان بوو
بە ویست و راستگۆیی خۆیان و
دوور لە بەرژەوەندییەکان
تەنها و تەنها  خۆیان....
ئەوە ئەو جیهانە بوو کە تەنها
خۆشەویستی راستەقینە حوکمی دەکرد
تەنها دونیاییێك کە هیچ کات،
هیچ کەس و دۆخێک
تەنانەت عەقڵیش ،
نەیتوانی بۆ ساتێک لە خۆشەویستی بیانوەستێنێت

هەواڵنامەی کتێب

ئەوە ئەو  جیهانە بوو کە بۆ
چرکەیەکیش نەیتوانیوە لە ڕێز دایانماڵێت
ئەو دۆخە بوو کە  هەمیشە پرسیارەکان بێ وەڵام و
وەڵامەکانیش هەر بە پرسیاری دەمانەوە
ئەگەرچی لە ئاکامدا
لەناکاودا، شتێک هات و
ووتی:
من قەدەری ئێوەم و بەس



هەواڵنامەی کتێب

# زەنگ لێدا

هەواڵنامەی کنێر



بەر لە زەنگلێدان....
چاو، لە چاوەڕوانیدا وێڵ بوو
دەست، لە تامەزرۆییدا دەلەرزی
زمان، لە حەسرەتدا گۆی نەدەکرد
لووت ، پڕاوپڕ بوو لە بۆنت
دەم، لێوان لێو بوو لە ووشەو
هەستەکانیش بە تەواوی خرۆشان
کەچی، دوای زەنگ لێدان....
بێدەنگانە...
جەستەکان، یەکیان گرت و
سەیرکردنەکان، قوڵتر و هەستەکان، تونر تونر
لە ئامێزی خۆشەویستی و ئەویندا
پێکەوە سەمای جەستە و رۆحیان دەکرد
کەچی....
نە بەر زەنگلێدان و
نە دوای زەنگلێدانی دەرگاش
نە هەستەکان بە ئارامی مانەوەو
نە رۆحەکان خامۆش بونەوەو
نە تامەزرۆیش رەوییەوە
لەو نێوەندەشدا؛ شتێک نەمایەوە بۆ تێربوونی جەستە
تەنها و تەنها لەبەر ئەوەی،
عاشقبوون ووشەیەکە ، هێشتا پڕاوپڕی ناخ نییە
خۆشەویستیش دەربڕینێکە، پڕاوپڕی هەستەکان نییە
ئامێزاکانیش شێوازێکن کە پڕاوپڕی رۆح نین

هەواڵنامەی کتێب

لەئاست...
گەورەیی و
میهرەبانیی و
مرۆڤدۆستیی و
عاشقبوون و پیرۆزیی تۆ
وەک مرۆڤ



هەواڵنامەی کتێب

# عەشقێک
# دەبێتە بەڕتووک



عەشق بوو بە پەرتووک و
پەرتووکەکانیشم؛ بە تۆ
لە هەناوی هەموو پەرتووکێکدا
رۆحی تۆ وهەستی تۆو نەستی تۆ هەن
لە پەراوێزی هەموو نەستەکاندا
ووشەکانی تۆ نوسراونەتەوە
ئیدی نهێنییەکان بوون بە پەرتووک
پەرتووکەکانیش بە عەشق و
عەشقیش بە ژیان...
لەنێو ئازار و ئارامیی و
خۆشیی و ناخۆشیی و
نزیکیی و دووریی و
تەنانەت لە نێوەندی ئازادییەکاندا
عەشق، هێشتا...
بە نهێنی خۆی دەنوێنێت
تا ئەو ساتەی...
من و تۆ و نهێنییەکان
لە ئامێزی یەکتریدا
لەدوا هەناسەی خۆشەویستیدا
کۆتا چیرۆک و دوا ووشەی عەشقمان
لە دوا پەرتووکدا بۆ نەوەکان دەنوسێنەوەو
ناوی لێ دەنێین...
شاو شاژن لە عەرشی
عەشقێکی بێ کۆتاییدا

هەواڵنامەی کتێب

# لە چاوەڕوانی شازادەدا

هەواڵنامەی کتێب



باخچە ووتی:
بەگەیشتنی شازادە
جیهانم بینی
جەستە ووتی:
بە بەرکەوتنی شازادە
خۆمم ناسی و
جووتەکەی دراوسێیان هاتنە قسەو ووتیان:
بە گەمەکانی شازادە
هەستمان؛ بە بوونمان کرد
ئیدی..... پاشان
هەموویان پێکەوە ووتیان:
بە ئاوێتەبوونمان؛ یەک مرۆڤمان نەخشاند و
بە سەمای خۆشەویستییەوە
خانەکانی ترمان بەسەرکردەوە
تا ئەو ساتەی،
خانەیەک نەمایەوە
بە بێدەنگی و
هەموو.....
لە چاوەڕوانی و پێشوازی
شازادەدا بوون

هەواڵنامەی کتێب

رووبار

هەواڵنامەی کتێب

سێوەکان لەنێو هەناسەی گەرمتدا
هەست بە بڵندی خۆیان دەکەن
جۆگەلەی پشتەوە
لەنێو پەنجەکانتدا
تنۆک تنۆک...
تامەزرۆی چەپۆکت دەکەن
دەوروبەری باخچەکەش
لە چاوەڕوانی...
شازادەدان
تا؛ تەواو تەواو
خۆی بکاتە نێو دێراوەکانی و
هێدی هێدی نوقمی دەریا بێت
دواتر دەریاش هەڵیلوشێت و
بیخزێنێتە نێو روبارەکانێوەو
نەیەڵێت...
چیتر
بێتە دەر



هەواڵنامەی کتێب

# تابلۆیەک لەشێوەی تۆ

هەواڵنامەی کتێب



لە چرکە ساتێکدا
جیهان؛ گۆڕا
شار؛ شڵەقا
باخچەکان ورووژان و
خونچەکانیش هەڵوەرین
گژوگیا کڵپەی کردو
بە هاوارەوە...
چاوەڕوانی ئامێزێکی دەکرد
تا پێی بڵێ:
خۆشەویستەکەم...
ئەوە ئازاری تۆیە
ئەوە ناڵەو ئاهی تۆیە
تێکەڵی ملوولەکانی خوێنم بووە
ئاوێتەی خانەکانی جەستەم بووە
پێکەوە، تابلۆیەکمان نەخشاندووە
کە هەرگیزاو هەرگیز
دەگمەنە.....
وێنەی بێتەوە

هەواڵنامەی کتێب


# لەناکاو هاتیت !

هەواڵنامەی کتێب



کاتێک هاتیت و
خانەکانی جەستەت کێڵام
لاشە؛ کەوتە لەرزین
دڵ؛ جێگۆڕکێی دەکرد
رۆح؛ هەڵهاتە لای فریشتەکان و
پێی ووتن:
خوداوەندم بینی
ئیدی، هێدی هێدی
کانێکان سەرئاو کەوتن
باخچە هاتەدەنگ و
ووتی: لەمێژە گوڵەکانم
لە چاوەڕوانیدان
لە لایەک...
گوڵە یاسەمین بەدەنگ هات و
ووتی:
عەشقتان بۆندارتر دەکەم
گوڵە هێرۆ ووتی:
منیش؛ بە شیلەکەم ئازارەکانتان
بیمار دەکەم و
گوڵە پاتۆنیایش؛ هاتە گۆ و ووتی:
خۆشەویستەکان...
وەرنە نێو پەڕەکانم

با ...هەمیشە ...
بە ڕەنگەکانم لە ئامێزتان بگرم و
بە  لاسکەکانم چیرۆکی عەشقتان بنوسمەوە
دواتر؛ گوڵە لاڤەندەریش ...
بە بۆنە خۆشەکەی،
هەموو خانەکانی بۆندارتر کرد و
بە رەنگە تێرە مۆرەکەیشی،
هەموو جیهانی رازاوەتر کرد





لە ساتەوەختێکدا
بەهیوا بووم...
کات؛ لەنێو لێوەکانتدا قەتیس بێت
لە باوەشێکدا، بەئومێد بووم
جەستە؛ لەیەک لاشەدا، خۆی بنوێنێت
لە جووڵەیەکدا...
ئاواتەخواز بووم،
فڵچەکەت بوێرانەتر خۆی بکات
بەنێو خانەکاندا و
لە نێو گۆکاندا خۆی حەشار بدات و
لە نێوەندی دەریادا نوقم بێت و
لە نێو شەپۆلەکانیدا پەنگ بخواتەوە
ئیدی پێکەوە...
هاواری تەواوکردنی شەپۆلەکان بن و
بڕۆن و نەوەستن
تا دواساتەکانی ئەوپەڕی
ئارامیی و حەوانەوە
بە رەنگە تێرە مۆرەکەیشی،
هەموو جیهانی رازاوەتر کرد





چی بە ترپە ترپی گڕگرتووم بڵێم
چی لە بێ ئارامی ڕۆحم بکەم
چی بە جەستەم بڵێم
ئۆقرەی نییە و
چی بە دەریاکەم بڵێم
ووشکبوونی نییەو
چی بە هەستەکانم بڵێم
کە...
وەستانیان نییە و
چی بە گەرمی خانەکانی لەشم بڵێم
کە جگە لە دڵۆپ دڵۆپ
ئاوی خۆشەویستی و عەشقی تۆ نەبێت
هیچ شتێکی دیکە
جێگرەوەی نییە

# نیشتمانێک !




تۆ نیشتمانێکی جودای...
جودا لەوانەی،
ناوی خۆیان ناوە نیشتیمان
تۆ نیشتیمانی منیت،
کە تیایدا...
جەستە؛ ئازادو
رۆح؛ بێ سنوورو
عەقڵ؛ لە خەونێکی ئارامدایە
لە نیشتیمانی تۆدا
دەریا؛ قوڵپ دەدات
باخ؛ دەڵێ منیش هەم
خونچەکان؛ دەگەشێنەوە
سێوەکان؛ خۆیان دەخزێنە
باوەشی نیشتیمانەوەو
گۆپکەکانی سەریان بڵند دەکەن و
بە نیشتیمانەکانی تر دەڵێن
ئێمە...
نیشتیمانمان جیاوازە

هەفتەیەک

لە نێوان ڕۆژەکانی هەفتەیەکدا
ڕۆژەکان جوداتر بوون
ئازادییەکان  والاتر و
جەستەکان ئازادتر و
رۆحەکان ئارامتر
هەر رۆژەو نەخشەیەک
هەر نەخشەیە، تابلۆیەک و
خانەی هەر تابلۆیەکیش
خۆشەویستییەکی تایبەتی دەنەخشاند
لە نێوەندی سێ کوچکەی خانەکاندا
عەشق؛ دەچووە خەڵوەتەوە و
خۆی لەیەک جەستەدا
وێنا دەکردو
ئارام ئارام...
دڵۆپ دڵۆپی سێکوچکەکان
قوڵپیان دەدا و
تابلۆیەکی تر و
جیاوازتریان نەخشاند



# سیانەیەکی ئازاد !



لە نێوەندی سیانەیەکی شاراوەدا
تەنها ئێمە هەبووین
لە نێو ئێمەشدا ...
تەنها من و تۆ
لەنێوان ئەو سیانەیەدا
شازادەیەک،
بوێرانە خۆی خزاندە دوریانێکەوە
ئازادانە خۆی ئاڵاندە سەرایێکەوە
ئازایانە خۆی نواند و
هێمنانە بە جەستەی ووت:
خامۆش بن
ئازادانە...
خۆشی ببینن
ئیدی جەستە، هێدی هێدی
ئاوێتەی یەکبوون و
پێکەوە چوونە نێو
جیهانێکی تایبەت ترو
جوداوە...

# هەسارەیەکی تر



لە هەسەرایەکدا...
گەرووەنێکم ناسی
لەگەڵ گەردووندا
جیهانی خۆمم دۆزییەوە
پاش پەلەقاژەو ململانێیەکی زۆر
تەسلیمی گەردوون بووم
ئەویش؛ لە ئامێزی میهرەبانی گرتم و
پێکەوە. چووینە هەسارەیەکی تر
لەنێو ئەو گەردوونەدا
ووشەکان؛ جوداتر بوون
هەستەکان؛ گەرموگوڕتر
خانەکان؛ چێژی عەشقیان لێدەچۆڕی
لە ئامێزی گەردووندا...
ژیان؛ ئارەزووی سڕبوونی دەکرد
کات؛ خواستی وەستان و
جەستە؛ تامەزرۆی حەوانەوە
ئیدی پێکەوە...
بە میهرەبانی و خۆشەویستی
بەربەستەکانیان تێکشکاند و
شتێک نەمایەوە بەناوی
ترس و دڵەڕاوکێ
خەمێک نەمایەوە بەناوی؛ شەرم و نەنگی
سنوورێک نەمایەوە...
بەناوی تابۆکان
ئیدی ئەوە هەسارەیەکی تر و
گەردوونێکی تر هاتەگۆڕێ و
چیرۆک و مێژوویەکی تریان نوسییەوە

# شازادەکەم




ئەی شازادەکەی من
منت لە عەشقدا نوقم کرد
لە خەونەکاندا خەرق کرد
لە خۆتدا توانەوە
تۆ؛ منت لە ڕەنگەکان و
باخچە و دەریاکاندا گەوزاند
هەمیشە بە نیگا سحراوی و
بەرکەوتنە ئەفسوناوی و
هەناسە خەیاڵاوییەکەت
مەستت کردم ...
ئەی شای شازادەکان
تۆ بە میهرەبانییەکەی خۆت
دەستت گرتم و
پێکەوە...
گەیشتینە مەنزڵگەی عەشق
لوتکەی ناسین و دۆزینەوە
گەردوونێکی پڕ لە خۆشی و جوانی
شازادەکەم؛ ئێستا چۆن وا
بە سانایی و سادەیی
بە خەمۆکی و نیگەرانییەوە
باس لە بیابان و جەنگەڵستانێک دەکەی
کە نامۆیانە و ناسۆرانە
دەمانباتە هەسارەیەکی ترەوە
ئەی شای من...



تۆ؛ هەرچی و هەرچۆنێک بیت
لە هەر کوێ و  شێوەیەک بیت
بەهەر زبان و نواندنێک بیت
لای من هەر شای شاکانیت
و هەر  شازادەکەی جارانیت

# تابلۆیەکی جیاواز



ئەمڕۆ، هەردووکمان پێکەوە
چێژەکان رادەستی،
مەنزڵگەیەکی تری خۆشەویستیمان دەکەین
پێکەوە؛ چیرۆکی عەشقمان
بەرەو هەوارێکی تر دەبەین
ئەمڕۆ، من و تۆ
بە دڵمان دەڵێین:
تۆ هەر وەک خۆت بمێنەرەوە
بەڵام، سەرلەنوێ
لە تابلۆیەکی تردا
خۆت نمایش بکەرەوە
لە نواندنێکی تردا
خۆت بنەخشێنەوە و
لەپێناو بوونتاندا
پێکەوە...
مەنزڵگەیەک هەڵکۆڵن و
چێژەکانی لێ حەشار بدەن
ئیدی با...
جوانییەکانی تری ژیانتان
جێگرەوەی ئەوانی دیکە بێت و
پێکەوە...
هەنگاوی داهێنان و بەردەوام بوون
نیشانی خۆتانی بدەن
کە دەتوانن هەمیشە هەبن و
خۆتان بن...




خۆزگە لەو ڕۆژەدا
چیدی زەوی، نەسوڕایەتەوە
هەسارەکان، چەقیان بیەستایە
خۆزگە...
کاتژمێرەکان چیتر نەیانچرکاندایە
شەوەزەنگ نەهاتەیەو
ڕۆژیش هەڵنەهاتایەتەوە
تا هەمیشە...
لە تابلۆیەکی نوێدا و
لە نمایشێکی ناوازەی تردا
خۆیان نیشانبدایەو
ئازادانە و ئازایانە
لەیەک تابلۆ و مرۆڤدا
وێنەیماڵەکەیان پڕاوپڕکردایە
لە سەمای سەربەستی و
وەفای خۆشەویستی و
چیرۆک و پەرتووکی نوێتردا

# فێرت کردم



لە هەگبەی مێژووی مندا
تۆ تاکە کەسی راستی ژیانمی
خۆرسکانە؛ لەدایکبوویت
هەنگاو هەنگاو لە هەناوی مندا
گەورە بوویت و هاتیتە ژیان
ژانی لەدایکبوونێکی نوێ
پێناسەیەکی نوێ و
ناسنامەیەکی تازەتری پێبەخشیم
ژانێک کە ...
فێری یەکەم وانەی راستەقینەی کردم
فێری یەکەم وانەی عەشقی کردم
یەکەم ئامێزی خۆشەویستی و
دونیای باخچەو کانێکانی پێناساندم
فێری یەکەم راستی ژیانی کردم
دەستی گرتم و خۆمی پێناساندم
ئیدی؛ لەو ساتەوە
من، خۆمم

# وانەکانی عەشق



وانەی یەک
لە دەستپێکی عەشقدا
من ئەبم بەتۆ و تۆش بە من
هەردووکمان پێکەوە
پێناسەیەکی تر دەدەینەوە بە ئێمەو
وێنایەکی تر دەنەخشێنین بە ژیان
وانەی دوو
لە دونیای عەشقدا مەحاڵ نییە
نەکردەکان دەبن بە کردە
تابۆکان دەشکێن و
سنوورو بەربەست و شەرم
هیچ مانایەکیان نامێنێ
پێکەوە؛ مانایەکی تر بەخۆمان دەدەینەوەو
ناوی لێ دەنێین نیشتمانی ئێمە
وانەی سێ
لە نێوەندی عەشقدا
ژیان سەرلەنوێ دەگۆڕێت
مرۆڤ خۆی پێناسە دەکاتەوەو
جەستە بەخۆی ئاشنا دەبێت و
رۆح ئارەزووی ژیان دەکاتەوە
ئیدی پێکەوە؛ مانایەکی تر
دەبەخشینەوە بە ژیان
چونکە، نە دووری و نە رێگری
نە ئازارو مەترسی و هەڕەشەکان


ناتوانن؛ چۆک بە عاشقان بدەن
پێکەوە؛ هێڵە سوورەکان دەبەزێنن و
درێژە بە وانەکانی ژیان دەدەن
تا ئەو ساتەی ژیان
لێوان لێو دەکەن لە ئەوین و
پەرتووکەکان پڕواپڕ دەکەن
لە چیرۆکی و داستانی
خۆشەویستی راستەقینە


# بەبورە



بمبورە، چونکە عەشقت،
لە کڵپەی ئاگر گەرمترە
لە پریشکەکانی بەجۆشتر و
لە رەنگە ئاڵاو واڵاکەیشی شێدارتر
بمبورە....
تۆ مامۆستای وانەکانم بوویت
یەکەم وانەی ئەویندارێت فێرکردم
یەکەم بەرکەوتنی عەشق و
وانەی ...
سەمای خۆشەویستیت نیشاندام
یەکەم باخت لەگەڵمدا کێڵاو
یەک بەیەکی خونچەکانت ئاودا و
رەگەکانیت لەدڵمدا چاند
تا، ئاوێتەی دڵی خۆت کردو
چیدی نەیتوانی، وانەکانت لەبیر کات
بۆیە؛ دڵم دەڵێ: « بمبورە»
تۆ دڵت دامێ و
منیش ئاوێتەی دڵی خۆم کرد
تێکەڵ بە رۆح و
ملوولەکانی خوێنم کرد
لە راستیدا نە من بووم و نە تۆ
ئیدی ئەوە دڵمان، بوو ویستی
هەستمان، بوو کردی
رۆحمان، بوو هەڵفڕی و
ووتی: بمبورە

چیدی ناتوانن لێکترازێن
بۆیە؛ ئیدی هەوڵ مەدەن
ماڵئاوایی لە دڵتان بکەن
چونکە، دڵنیام کە
کەستان ناتوانن







ئەم بەیانییە ئەهریمەنم بینی
لەڕێی زەنگی موبایلەکەیەوە
دەرکەوت و ووتی:
« بیرت ئەکەم»
لە نیگاکانێوە ووتی:
تامەزرۆی بینینت دەکەم
لەڕێی دەنگییەوە ووتی:
بەشەوقم  بۆ جیهانت
لەڕێی هەناسەیەوە ووتی.
بێ تۆ، نابێت ژیانم
ئیدی، بە ئەهریمەنەکەم تاسام
تاڵەکانی وەک؛ ئاوریشم سپی
خەندەکانی وەک؛ ناخی میهرەبان
گلێنەکانی لە شێوەی شەبەنگ
هەناسەکانی لەشێوەی بورکان
تا ئەو ساتەی..
ئاهەکان لەسینەمدا پەنگیان خواردەوە
فرمێسکەکانم بە بێدەنگ ڕژان و
ووشەکانیش پەنگیان دەخواردەوە
ئیدی... وەک؛ جارانی ئەو
ئارەزووی  بێدەنگیم دەکردو
لەو ساتەوەختەدا
من  بووم بەوو ئەویش بەمن و
هەردووکیشمان بەیەک و
تا، بە زەنگی عەشقمان
ژیانێکی نوێمان هێنایە بوون

# نزا

لە دەرگای یەزدانمدا و
نزام لێکرد
ووتم: بیپارێزە..
چونکە، ئەو
سیمایەکە؛ لە شێوەی خۆر
دەنگێکە؛ لە تۆنی تار
نیگایەکە؛ لە هەڵهاتنی  بەرەبەیان
هەستێکە؛ لە سەراب
رۆحێکە؛ لە قووڵایی جوانییەکان و
نێرەرێکە لە پێخەمبەرەکانی تۆ
ووتم: ئەی یەزدان بیپارێزە
چونکە ، بوونی ژیان دەبەخشێت
گفتۆگۆکانی رۆح زیندوودەکاتەوە و
هێندەی ئەوەی چنگ بە ژیاندا بکەیتەوەو
هەمیشە بە عاشقی بمێنیتەوە
تا دوا هەناسە پێی بڵێیت:
خۆشم ئەویت...



# ڕۆژێکی تر.....!

شەو، بە رۆژی ووت:
«زۆرت بیر ئەکەم»
بەشەوقەوە ...
چاوەڕوانی هەڵهاتنت دەکەم
ئەگەرچی ترس و دڵەڕاوکێ
بەرۆکی گرتووم و
لە خەمی ئەوەدام
هەمان رۆژ هەڵبێتەوە
ئیدی شەوو رۆژ
پێکەوە ووتیان..

ساتەوەختەکان زۆر بەئازارن
بیری چرکەکانی رابردوو دەکەین
تامەزرۆی گفتۆگۆ و دانیشتنەکان
کتێب و خوێندنەوەکان
پیاسەی نێوگەڕەک و شەقامەکان
ئامێزی پڕ لە خۆشەویستی ونیگاکان
دواتر، رۆژ هاتەدەنگ و ووتی:
« بەسە ئەی شەو»
بەرۆکم بەردە، تا چاوهەڵبێنم و
بەئاسودەییەوە....
باوەش بە ژیان بکەمەوەو
و تێرتێر لە نیگاکانی بڕوانم و
لە ئامێزی خۆشەویستیمدا بیگەوزێنمەوە


دڵنیام




دڵنیام..
هەر تۆ، تێئەگەی لە هەستی من
تەنیا تۆ، ئەپێکیت مەبەستی من
ئەزانم..
هەر تۆ، لە ناخی من ئەگەیت و
ئەیڕەوێنیتەوە پڕ ئازاری من
دڵنیام..
هەر تۆ، دەزانیت لە کڵپەی دەروونم
چۆن حەشاریداوە، زامی پڕ دڵم
ئەزانم ..
تەنها کەسیت لە بێدەنگیم دەگەی
بە میهرەبانی خۆت ئارامم ئەکەیت
دڵنیام..
هەر تۆ، بۆنی بۆکروزی ووشەکانم ئەکەی
لە گرژی نیگا و کڵپەکانی پڕ رۆحم ئەگەیت و
هەر تۆ ئەزانیت لەسۆزو پڕتاسەم
لە ئەوین و پڕ تامەزرۆییم
ئەی فریشتەی ئاسمانی من
ئەی شازادەی ئەفسوناوی من

# عەشق
# لە ڕۆژانی کۆرۆنادا

بە ساڵ دەڵێم :» بمگەڕێنەوە بۆ ساڵەکانی رابردوو»
بە رۆژ دەڵێم:» وەرمچەرخێنە بۆ رۆژی یەکەم بینینمان»
بە کاتم ووت: بمبەرەوە بۆ چرکەساتەکانی
یەکەم ژووانی ئەوینمان
تا پێت بڵێمەوە...
لە هەموو ساڵ و
گشت رۆژ و چرکەساتەکاندا
خۆشم ئەویت ...!
تا پێت بڵێم،
سەردەم ، گەر رابردوو بێت
یان،
ئێستای رۆژانی کۆرۆنا
هیچ جیاوازییەکی نییە بۆ عاشقان
تا وێڵ بن بەدوای زەمەنو سەردەمەکاندا
جگە، لەوەی دەمەوێ
لە هەموو چرکە و سەردەمەکاندا...
پەرتووکەکانم پڕ کەم
لە چرکە ساتەکانی پیاوەتی تۆ
کاتێک لەنێو منی ژندا
پێکەوە ناسنامەیەکی ترمان
بۆ خۆمان دەرکرد
تا کۆرۆناش بزانێ
نە ترسی ئەو و





نە دووری  دەنگ و ڕەنگ و
 نە جیابونەوەی جەستەمان
ناتوانێ رێ بە عاشقان  بگرێ
تا کۆرۆنا، بۆی دەرکەوێت
لەمێژە، خۆشەویستیت..
لە دڵدا چەکەرەی کردووە
لە رۆحدا رەگی داکوتاوەو
لە  ملوولەکانی خوێنمدا
قەتیس ماوەتەوە
تا  کۆرۆنا، بزانێت
چەندە دەستەکانمان لێک دابڕێنێت
دەممان بە ماسک داپۆشێ و
جەستەمان  لێک بترازێنێ
بەڵام ،
 ناتوانێت  دەست بۆ دڵمان بیات و
لە عەشقمان
داماڵێت


فایرۆسێک




ئەو، جیهانی بچووک کردەوە
من، بەهۆی تۆوە
جیهانم گەورەتر بوو
ئەو، هەمووی خستە نێو ماڵەکان
من، کەوتمە نێو دڵی تۆ
ئەو، لەنێو ماڵەکاندا
کەرەنتینەی کردن و
لەنێو هۆتێلەکاندا حەجری کردن
من، لە کۆشکی ئەوینی تۆ
ئەو، پشکنینی بۆ ئەوان کرد
ئێمەش، بۆ دەریای یەکتری
ئەوان، وێڵبوون بەدوای ڤاکسینێکدا
تا تۆوی کۆرۆنا نەهێڵن
منیش، بەدوای ڤاکسینێک
تا رەگ و ریشەی عەشقت لەبن نێم
ئەگەرچی...
ئەو، توانی بنبڕی بکات
بەڵام، من ئالودەتر بووم و
تەنها و تەنها توانیم
عەشقی لەگۆڕی دڵمدا
قەتیس بکەم
تا لە ڤایرۆسەکانی تر
بیپارێزم

# لە لوتکەی گۆیژەوە

لە شاخی گوێزەوەوە
لە بەرزترین لوتکەیدا
نیشتمانێک؛ لە ئامێزی گرتم
پێم ووت:
خۆشم دەویت..
لەباوەشی گرتم و
پێکەوە ،
نەخشەی نیشتمانمان گۆڕی و
و ناوی خۆمان نا
نیشتمانی...
عەشق




جیهانی تۆ



به دەستی تۆ
دڵ؛ وێڵ دەبوو
به دەنگی تۆ
باخچەکان؛ تەڕ تەڕ دەبوون
به هەناسەی گەرمی تۆ
رۆح؛ مەستتر دەبوو
به بارانی تۆ
جەسته؛ تینوێتی دەشکاو
هێدی هێدی...
خامۆش و شەکەت دەبوو
ئیدی هەردوو دەریاکه
پێکەوە نوقوم بوون و
مێژووی جیهانێکی نوێیان
بۆ خۆیان نەخشاند و
ناویان نا
دونیای ئێمه

له‌مێژه

لەمێژە، بۆ ...کان، بێ وەڵامن
فرمێسکەکان بەقەتیسکراوی ماونەتەوە
هەستەکان پەنگیان خواردووەو
لە لێواری مەرگدا ژیان دەکەن
لە مێژە، پێخەفەکان ساردو ڕۆحەکان سست و
جووڵەکان لەنێوەندی گێژاوی خەمدا ماونەتەوەو
لەنێو ژینگەیەکی بێ ئارام و خەمگیندا
هەوڵ ئەدەن لەبەرخاتری ئەوان بژین
لەمێژە، پرسیارەکان بێ وەڵامن، و
وەڵامەکانیش لێرەو لەوێ
لەترسی ئەوان هەڵدێن...
لەمێژە، لە نێوەندی لێوارەکانی مەرگدا دڵێک هاتوو و
ووتی: من هاتم
هات و بوێرانە خۆی پێناساندم
لەو ساتەوە... ڕۆح و جەستە
ژیانێکی ترو چێژو لەزەتێکی تری
خستە ژیانمانەوە
دڵیش، لەو ساتەوە بۆتە دیلی ئەو و
ئەوانی تریش لەدەوری دێن و دەچن
بەڵام، لە ئێستادا دڵ هەر ئەو دیلەیەو
بە تامەزرۆیی لە چاوەڕوانیدایە




# نەمەزانی



نەمدەزانی کاتێک خەیاڵ بەرەو
مەنزڵگەی خۆشەویستی دەمبات
کاتێک؛ لەناو ئەوین وعەشقی تۆدا
هەستەکانم دێن و دەچن و
وێڵ دەبن بەدوای نوسینەوەی رۆمانێکی تر
چیرۆکێکی تایبەتتر و پەرتووکێکی بوێرانەتر
تەنها و تەنها ووشەکانن دەمێنن...
نەمدەزانی کاتێک،
زمان عەوداڵ دەبێت
گوێ تامەزرۆ و هەست دەوروژێت و
لووت بە بۆنکردن...
وێڵ دەبێت بەدوای،
میهرەبانی و مرۆڤایەتی و نەرمونیانی ورەفتارەکانی تۆدا
چیتر ووشە ناتوانێ بێدەنگی هەڵبژێرێ و
بڵێ: تەنها و تەنها ئاماژەکان، و نیگاکان بەس دەبن
بۆ تێربوونی خود و دەربڕینی هەستەکان
ئەی تۆ نازانیت؟!
من دەزانم بە زمان، بڵێم بوەستە!!
بە جەستە، بڵێم سڕ بە!!
بە چاو، بڵێم تەنها نیگاکانت بەسەو
بە دەستم، بڵێم تەنها بیلاوێنەوە
ئیدی ، چی بکەم...
دواتر ووشەکانیش دەڵێن:

منیش دەمەوێ بەشێک بم
لە مێژووی خۆشەویستی و
بە پڕاوپڕی هەست و ووشەو
بەپیتەکانیش بڵێم:
با جارێکی تر لەناو خۆمدا بتلاوێنمەوە و
هێدی هێدی...
داستانی عەشقت  بۆ بهۆنمەوە




نکا




رۆژێک، مانگێک، ساڵێک و دواتر
لەناکاو هاتیت و بوویت بە شازادە
بە شازادەبوونی خۆت نەوەستایت و
منیشت کرد بە شاژنی جیهان
لای کەسێک، شازادەبوون کورسی و پۆستە
لای ئەویتر، دەوڵەمەندیی و جوانیی
لەدواجاردا ، دواجار هیچ کامیان نەیاندەزانی
نە لە شازادە بگەن و نە هەست بە شاژنیش بکەن
نەیاندەزانی مرۆڤەکان ،
کاتێک دەبنە شازادەو شاژن
پێکەوە، دەگەنە لوتکەی جیهانێکی تەنیایی
تەنیایی و بەس...
بەڵام، تەناییەکی پڕ لە ئەوین و ئاوێتەبوونی هەستەکان
جیهانێک؛ کە جەستەکان تازە لەدایکبوون
خانەکانی جەستەش؛ تازە بەتازە هەست بەخۆیان دەکەن و
دەزانن هەن و شاراوە بوون
جیهانێک؛ کە جەستە خامۆش و ئارام
رۆح پڕو وێڵە...
ئەوان ، نازانن..
لەو جیهانەدا گەرمی لەش، لە لوتکەدایە
دڵ، لە ترپەترپی لێدان و خۆشیدا گەوزاوە
جەستە، نوقمی ئاو و ئاوێتەی ئەویدی بووە
دەم و دەست و جەستە وهەموو خانەکان
لێکئالاون و تەنهاو تەنها یەک خەمیان هەیە و
یەک خۆشی و تامەزرۆیی و یەک دونیای یەکسان

بەڵام، لەگەڵ ئەوەشدا ترسێک بەرۆکیان بەرنادات
دەیانبات و دەیانهێنێتەوە هەمان خاڵی دەستپێکردنەوەوە
لەگەڵیدا دەیانەوێت  تکا بکەن و
بەخۆیان بڵێن ئەوە چارەنووسمانەو
بە یەزدان بڵێن قەدەرمانە و
بەوانیتریش بڵێن نە شازادەو نە شاژن
و........
دواتر بە کاتیش بڵێن:
بۆ تەنها جارێکی تر
لە تەنیاییدا بمانگەیەنەوە بەیەکتر و
هەمیشە لەم چرکە ساتەشدا بوەستەو
با چیتر میلی کاتژمێرەکەت وەرنەچەرخێتەوە



# من و تۆ



من و تۆ  دوو مرۆڤین
کاتێک دەبینە یەک
مرۆڤێکی تەواوتر پێکدەهێنین
مرۆڤێک،
 بەهێزتر لە شاخی سەفین
بەگوڕتر لە شەپۆلی دەریاکان
راستتر لە هەموو چیرۆکەکانی مێژوو
بەجۆشتر لە داستانەکانی مەو زین و
خەج و سیامەند و لەیل و مەجنونەکانی تر
مرۆڤێک؛ تەواو خۆی
نوقمی ئازادی و ناسین و دۆزینەوەی خۆی
مرۆڤێک؛ هێندەی مرۆڤایەتی
تینووی جوانیی و بەخشندەیی وخۆشەویستیی و لێبوردەییە
چونکە، دواجار دەزانێت
ئازادی لە ساتەوەختی دۆزینەوەی خۆتەوە دەستپێدەکات
خۆشەویستیش، لەچرکە ساتەکانی ئەو ناسینەوە هەڵدەقوڵێت
و ..
لەتوانەوەی ئەویتردا
کە دەگمەنە لەم گەردوونە بەرینەدا
مرۆڤێک هەبێت و
بەهۆیەوە تامی خۆناسین و چێژی ئازادی و هەستی مرۆڤایەتی بکەیت و
کۆتا جاریش هەر بە لوتکەی مرۆڤبونتەوە
بێیتە دەر و پێکەوە گەردوون بڕازێننەوە
پێکەوە بڵێین ئای خودایە،
ئەوە چ قەدەرێک بوو

# بیرتان دەکەم

رۆژێک دێت...
تامەزرۆی زەنگی تەلەفۆنت دەکەم
چاوەڕێی ئێوارە
یان
نیوەڕۆخوانێکی ئێرە و ئەوێت دەکەم
بیری نوسین و خوێندنەوەی کتێبەکان
رۆژێک دێت، وەک هەموو ساتەکانی تر...
ئەچمە قوڵایی پرسیارو وەڵام و گفتوگۆکانت و
تامەزرۆی...
خەندەو پێکەنین و بیرکردنەوەکانت دەبم
رۆژێک دێت..
زۆرت بیرت دەکەم
شێتانەتر عاشقت دەبم
تامەزرۆ وعاشق بونێک...
خێراتر، لە ئاوازو هەناسەسواری و دڵە پڕلێدانەکەت
بەجۆشتر، لە تریەتریی ساتەوەختی بەیەکگەیشتنمان
بەگوڕتر لە تینوێتی و لێوانلێو
بە تنۆکە سازگارەکانت و
گەرمتر لە ئاڵی لێو و باوەشی ئارام و
ئاهەئاهی ناڵەی تەواوبوونت
بیرتان دەکەم وەک؛ هەمیشە
ئای خودایە...
چەندە تامەزرۆی نیگایەکی و
چەندە شێتی ئامێزێکی و
چەندە عاشقی خانە بەخانەی جەستەو رۆحی دەکەم



بۆیە؛ چیتر...
نزاکانم  بۆ مانەوەت دەبێت لەژیانم و
بۆ بوونت دەبێت لە هەنگاوو بیرکردنەوەکانم
بیرتان دەکەم..
وەک هەمیشە بیرم کردوون



# سەری بڵند



لە شەوەزەنگێکدا، سەری بڵند کردو
لە دیمەنێکدا، ساتەوەختێک
بە متمانەوە خۆی نەخشاند
هەر لەگەڵ دەرکەوتنیدا
شاژنیش خۆی بڵندترکرد
و هەنگاوی نا...
تا، گەیشت بە باڵا پڕ
لە خەندەکەی و
پێی ووت:
لەمێژە بیرت دەکەم و
لەمێژە لە ئامێزت نەگرتووم
ئیدی بەقەد بڵندێتی هەردووکیان
خەیاڵ؛ چووە خەڵوەتەوەو
رۆح؛ چووە مەنزڵگەی ئارامیی
و تا بەرەبەیان هەردووکیان
نوقمی مەلەوانگەیەکی
بێ کۆتایی بوون

# گومانت نەبێ !

گەر ووتم:
شاهانەترینی ئەم زەمینەی
گرنگترینی ئەم جیهانەیت و
ناوازەترینی ئەم نێوەندەی
گومانت نەبێ...
چونکە، تەنها مرۆڤیت توانیت
لە دەرگای دڵم، خۆت حەشار بدەیت و
کلیلەکانی بخەیەتە نێو دڵی خۆتەوە
گومانت نەبێ ...
گەر ووتم: ئەو کاتەی دەستت دەگرم
نەخشەی گەردوون دەسوڕێت و
پێکهاتەی دڵ دەگۆڕێت
ئیدی، لە ساڵنامەی دڵمدا
گەورەترین ڕۆژت تۆمارکردو
لە وەرزەکانی ڕۆحمدا
خۆشرین هەواڵت خستە نێو
مێژووی ژیانمەوە



# خەوانەوە

لەنێوەندی ململانێکانی
دڵ و رۆحدا
دڵ زاڵبوو...
لە نێوەندی رۆح و جەستەدا
جەستە؛ خۆی رادەستکرد
ئەگەرچی؛ دەیزانی
لەنێو ئەو پانتاییەدا
فرمێسکەکان، لێی دەچۆڕێن
هەستەکان، تەواو نوقم دەبون و
رۆح، خامۆش و دەحەوایەوە
تا ئەو ساتەی
دڵیش...
هێواش هێواش
لە ئاسمانی بەریندا
نزای مانەوەت دەکات



خەیاڵ



بەڵێنمدا...
هیچ ووشەیەک نەڵێم
وەک؛ عاشقێک لێت نەڕوانم
دەست نەدەم لێت و
خۆشەویستیت پێنەبەخشم
بەڵام، بەرامبەر بەڵێنەکەم ترسنۆک بووم
بڕیارمدا...
بیرت نەکەم، فرمێسک نەڕێژم
شیعر و نامەت بۆ نەنووسم
ماچت نەکەم و لێت نەپرسم
بەڵام، بەرامبەر بڕیارەکەم لاواز بووم
زۆر جار هەوڵمدا،
بەڵام، وازمهێنا
هەوڵمدا نەگەڕێمەوە...
بەڵام ، گەڕامەوە
بیرت نەکەم...
قسە نەکەم...
بەڵام ، کردم
بیرت لێنەکەمەوە و ترسم نەبێ
دواجار زانیم گەمژەم و درۆ دەکەم
بەڵام، کاتێک

بەگەمژەیی خۆم و
لاوازی و ترسنۆکی خۆمم زانی
قاقام لێدا و سوپاسی خودام کرد
کە درۆم کردووەو
نزام بۆ خودا کرد
کاتێک زانیم،
تەنها خەون و خەیاڵ بووە و
هیچی تر



# بە...ڵێ...ن



بەڵێن بێت، چیدی نەیەڵم
دڵم بەرۆکت بگرێ و
ببێتە مایەی ئازارت
بەڵێن بێت، بە رۆحم بڵێم
خۆت حەشار دە
تا نەبێتە جێی بێزاریت و
هەستەکانیشم ئاگادار دەکەم
تەنها لەگەڵ خۆیاندا
ئاوازو گۆرانی خۆشەویستی بڵێنەوە و
لەگەڵ یادەوەرییەکاندا گەمە بکات
تا نەبنە قورسایی و مایەی نەفرەتکردنت
بەڵێن بێت، بەڵێنی عاشقانە
بەڵێنی زامی خۆشەویستێک
کە قورسە چیتر
خۆی لەو وێنایەدا دووبارە بکاتەوە
کە تەنها و تەنها
تاوانەکەی
خۆشەویستی تۆ و
زامەکەیشی، هەر زامی
خۆشەویستی تۆیە،و
خۆشم ئەویت....

# ماڵئاوا



ژمارە ١٠ و ٣
دووانەیەکی تایبەتن لە ساڵێکدا
دوو ژمارەی کۆتان لە مێژوویەکدا
لە بەرگێکی دانەبڕاوی دوو ڕۆژدا
بەخۆیان ووت:
پێکەوە دەستمان پێکردو
پێکەوەش کۆتاییەکەی تۆمار دەکەین
بەخۆیان ووت:
دەستپێکمان قەدەرو پێتاوان بوو
با کۆتاییەکەشمان  بێ گوناهانە
بنەخشێنین و...
کۆتا رۆژی چیرۆکی جەستەمان بنوسینەوە
ئەوان، دەیانزانی دیلی
کۆت و بەندەکان و
نەریت و کەلتورەکانی
واقعێکی مەحاڵ بوون
دەیانزانی بەیەکەوە نابێ و
بێیەکیش نابن
بۆیە؛ بڕیاریاندا
خۆشەویستییان  لەرۆحیاندا
قەتیس بکەن وسەرلەنوێ
لە خۆیانەوە دەستپێبکەنەوە

# بوتڵێک لەشێوەی تابووت



لە دانیشتنێکی جیاوازدا
بوتڵێکی فڕێدایە نێو تابووتەکەم
تامی؛ لەشێوەی زاخاو
شێوەی؛ لە ڕەنگی خاشاک
ڕەنگی؛ لە جۆری...
باڵایەکی شکستخواردوو و
هەستی وەک؛ بێ ڕۆحێک
خۆی دەنواند
ئەگەرچی؛ تەواوی بوتڵەکە
هەر لەتۆدا خۆی دەنەخشاندو
تەنها و تەنها...
بۆنی تۆو تامی تۆ و ڕەنگی تۆ و
ڕۆحی راستەقینەی تۆی لێدەچۆڕی و
لە ناواخنی بوتڵەکەشدا
تەنها عەشقی دەنەخشاند
بەڵام،
لە نواندنێکی دیکەدا

# سێبەر..




لە تابلۆیەکدا تۆم ناسی
تەنها یەک تابلۆ ...
بەڵام،
لە چەندین شێوەدا خۆی دەنەخشاند
تابلۆیەک کە دەگمەنە
هاوشێوەی بێتەوە
لە دیمەنی یەکەمیدا؛ لە کانییەکدا خۆی نەخشاند
تنۆک تنۆک لێی دەچۆڕی
تا هێدی هێدی بە قەترەی شەرمەوە
لێی نزیکبومەوە وپێی ووتم..
بەڵێ، بۆت هەیە
لە دووەم نیگایدا ،
لە بورکانێکدا خۆی نەخشاندەوە
قوڵپ قوڵپ هەڵدەقوڵا
جار جار گوێت، لە ناڵەی دەنگێک دەبوو
هەرتریە تریی بوو
چاوت، لە نیگای دیمەنێک  دەبوو
سوور سوور، گەرم گەرم خۆی دەنواند
هەستت بە دەستێک دەکرد
کە دەیوسیت ئاوی خۆشەویستیت پێ بنۆشێ
ئیدی تابلۆکە ، تەواو تەواو
خۆی لە چاوەڕوانیدا هێشتەوە
نەیدەزانی داخۆ چەند جاری ترو
بەچەند دیمەنی تر ، خۆی دەنەخشێنێتەوە

بەڵام، ساڵ هاتوو چوو...
یەک، دوو ، حەوت و نۆ و دە...
تابلۆکە، چەندین تابلۆی تری لێکەوتەوە
تا ئەو کاتەی بوو بە سێبەر و
هیچ کامیان ئەویتریان جێنەهێشت
یەک تابلۆ بەڵام، لە دەیان دیمەندا
لە سەدان چیرۆکی ئەویندارێدا
لە هەزاران پەرتووکی سۆزدارێدا
خۆی دووبارە دەنەخشاندەوە
تابلۆیەک، کە تا ئێستا
سێبەرەکەی، لە هەموو شوێنێکدا هەیە
و
هەر دەمێنێت.....



# قاوەیەکی ئێجگار تاڵ

لەنیوەڕۆیەکدا...
قاوەیەک، هێندەی زاخاوێک تاڵ
نیگایەک، بەقەد باڵای تاوانبارێک
وتووێژێک، لە ڕەنگێکی بێڕەنگ
ماڵئاواییەک، لە شێوەی سۆزانییەک
بەرۆکی خۆشەویستانی گرت
ئاوێک، لە تامی ژەهر
هەستێکی شێواو لاشەیەکی تاساو
هاوشێوەی تەرمێکی بێلانە
رووبەڕووی عاشقان بۆوە
بۆ یەکەم جار...
دڵڕەقانە، ئامێزی وەلاناو
هەناسەی ڕەتکردەوەوە
بە دڵیشی ووت: ناتوانم
لەکاتێکدا، دەیزانی
عەشق وەک؛ دەریا وایە
چەند شەپۆل بدا لەجێی خۆیەتی
وەک؛ باڵندەیەکی نێو قەفەس وایە
کە هەمیشە دیل وکۆتی
خۆشەویستەکەیەتی و
وەک؛ شۆڕشێک وایە
تا ئازار بنۆشێ و
زامەکەی قووڵتر بێت
ناتوانێ بوەستێ و
ماڵئاوایی هەتاهەتایی بکات



# کورسی عەشق

لەم نیوە شەوەدا
لەگەڵ کورسییەکاندا ئاوێتە بووم
ئەو، باسی...
 ڕۆژانی ئەوینی بۆ دەکردم
منیش، ئارامییەکانی خۆم
ئەو، باسی...
 چیرۆکی عەشقەکەی بۆ دەکردم
منیش، پەرۆشییەکانی خۆم
ئیدی پێکەوە....
سەرلەنوێ قەنەفەکانمان نەخشاندەوەو
مانایەکی ترمان پێ بەخشی و
مێژوو و چیرۆکی ترمان پێ نوسییەوە
ئەو کات؛ ژووانی بەیەکگەیشتنمان بوو
ئێستاش؛ شوێنی ئارامیی و حەوانەوەمە
ئەو کات؛ لە ئاوێتەبووندا خۆی دەنەخشاند
ئێستاش؛ لە تامەزرۆیی
ئەو کات ناوی کورسی عەشق بوو
ئێستاش بە کورسی شازادەکەم
بانگی دەکەم



# لە چاوەڕوانییەکی بێشومار

لە پاش چەقبەستوویی ژیان
لە ٧٢٠ کاژێردا
شای شازادەکان دەرکەوتەوە
سەری بەرزکردەوەو
بەپەرۆشییەوە لێی روانیم
لە تێڕامانی نیگاکانییەوە
باخچەش بەجۆشتر
لە چەندین وێنادا خۆی نواندەوە
رەنگەکان، هەمەڕەنگ بوون
دیمەنەکان، فرەجۆر و
هەستەکانیش، لیکئاڵابوون و
دەنگەکانیش بە ئارامییەوە دەیانچرپاند
ئیدی دڵ، ئارامیی نەماو
دەستی بەجێگۆڕکێ کرد
چاو، ئۆقرەی نەگرت و
فرمێسکی خۆشەویستی لێ دەچۆڕی
مێشک، تەنها و تەنها
وێناکانی شازادەی دەخوێندەوە
جەستەش، دەیویست
لە باوەشی ئەودا بگەوزێ و
تەنها و تەنها
گوێی لە دەنگی ناڵەکانی شازادە بێ
دەمی پراوپڕ بێ لە تەڕایی عەشق و
رۆحیشی بەرەو لوتکەی ئەوین بفڕێ





ئیدی هەموویان پێکەوە
لە عەودالّی ژووانێکی دیکەدا
خۆیان هێشتەوەو
تا بۆ هەتاهەتایی
لەیەک نمایش و تابلۆدا
خۆی بنەخشێنێتەوەو
پێکەوە ناوی بنێن
تابلۆی عەشق



# گەر نەتوانم




گەر چاوم نەتوانێ
بڕوانێتە چاوە سحراوییەکەت
کوێربون هەڵدەبژێرم
گەر گوێم گوێبیستی
دەنگە ئەفسوناوییەکەت نەبێ
کەڕبوون هەڵدەبژێرم
گەر دەستم نەتوانێ
نزیکت کەوێ و
لەئامێزی پڕ سۆزت بنێ
نەبوونی باشترەو
گەر دەمم نزیک هەناسەکانی تۆ
نەتوانێ بەنێو کیڵگەی خۆشەویستی و
ئەوینی تۆدا گوزەر بکات
بۆ چرکەیەکیش
ئومێدی ژیانکردن ناکەم
لەم بیابانە بێ رۆحەدا

دەنگێک



لە هەگبەی یادەوەرییەکاندا و
لە جەستەی شەکەتی پڕ لە ئازارمەوە
لە هەناسەی گەرمیی پڕ لە حەسرەتمەوە
لە ترپە ترپی دڵی پڕ لە جۆشمەوە
لە قوڵپەی هەستەکانی پڕ ئەوینمەوە
دەنگێک...
پڕ لە ناڵەی هاوار دەکات
بە تیشکی بیلبیلەکانی و
هەناسەی گەرمیی
بە دڵە پڕ لە خرۆشەکەی دەڵێت:
هەر دڵەکەی جارانیت و
هەمان ترپە ترپت هەیە
بۆ ئەو مرۆڤە میهرەبانەی
وێنەی کەممە و
ئەو پیاوە جیاوازەی
هاوشێوەی دەگمەنە و
ئەو شازادەیەی
هەرگیزاو هەرگیز
دووبارەبوونەوەی
ئەستەمە

ئامەزرۆ



کاتێک نزیکیت
هێندەی...
تریەکانی دڵ،
خرۆشی هەستەکان،
قوڵایی کانیی و
خێرایی شەپۆلی دەریاکان
بیرت ئەکەم...
کاتێک دووریت،
هێندەی...
دیمەنی خۆرئاوابوون،
مەودای ئاسمان ،
تامەزرۆیی بینینی خوداوەندو
پرسیارە تابۆو بێ وەڵامەکان و
وێڵبوونی ژنێک بەدوای
خۆشەویستەکەیدا
بیرت ئەکەم....
لە هەبوونتدا،
شەیدای ئاوێتەبوون و سیماکانت دەکەم
لە نەبوونیشت،
نامۆیی وتەنیایی و تامەزرۆیی
ژیانێکی بێ ئۆقرەیی و
ساتەوەختێکی بێ چارەنوس و
چاوەڕوانییەکی کوشندە
دەبنە هاوڕێی تەنیاییم و
لەگەڵمدا دووبارە وسێبارە
وێڵ دەبینەوە

# تەنها تۆ



گەر پێم بڵێی:
لە نێوان،
پلەو سامان و تۆدا
چی هەڵدەبژێرم
دەڵێم: تۆ....
گەر پرسیت؛ لە نێوان مەرگ و ژیانمدا
دەڵێم: ژیانی تۆ
گەر بڵێی لە نێوەندی،
ئازارەکانم و خەندەی تۆدا
بێ دوودڵی دەڵێم:
پێکەنین و خەندەی تۆ
دواتر گەر ووتت:
ئەی لە نێوان،
جەستە و تۆدا
هەڵبژاردەت چی دەبێت؟!
لە وەڵامدا :
ماڵئاوایی لە جەستە دەکەم و
دەڵێم بێگومان
تەنها تۆ و
عەشق و مرۆڤایەتی تۆ و بەس

# زەنگ و تڕە

سەعات ١٢ و یەک دەقیقەی شەو بوو
چاو ،
لە چاوەڕوانیدا بوو
زەنگ لێیدا
دڵ؛ کەوتە ترپە ترپ
هەستەکان؛ جێگۆڕکێیان دەکرد و
جەستە؛ کەوتە سەرئاو
ڕێک؛ لە دوانزەو یەک دەقیقەی شەودا
گوێم ،
بە دەنگێکی جیاواز ئاشنا بوو
تۆنێک، هاوشێوەی تارو
هەستێک، لەشێوەی بورکان
تێکەڵ بە موزیکێکی
شەوەزەنگ...
لەناکاودا چرپاندی و
ووتی:
ساڵی نوێت؛ پیرۆز
ئیدی؛ لەو ساتەوەختەوە
هەستەکان،هەسارەکان، و
بگرە تەواوی جیهان گۆڕا و
چیتر نە دڵ؛ ئەودڵەی جاران و
نە مرۆڤەکانیش، ئەوەی رابردوو
تەنانەت نە ژیانیش
بە ساتەکانی جاران مانەوە



# لە هەناوی عەشقەوە



دەڵێن: بەسە
چونکە، نازانن کاتێک مرۆڤ
لەهەناوی عەشقەوە دەدوێت
چاونەترس و سەرکێشانە
دەڵێت: نابێت ...
چونکە ،
بە قەد هەموو توڕەیی و ئیرەییەکان
هێندەی لێوان لێوی رۆح و
دڵە پر لە خۆشەویستی و
جەستە پڕ شەکەتەکەمی
کە تەنها تۆ خاوەنیت
خۆشمئەوێت
دەڵێنەوە: بۆ ؟
چونکە، نازانن...
راستگۆترین هەقیقەت
ئەو ساتەیە کە دەزانی
مرۆڤێکت خۆشئەوێت و
نازانیت، بۆ خۆشتویستوە !
دەڵێن: چۆن ؟
چونکە، ئەوان نامۆن بە
مێژووی منی ژن
لەو ساتەوە دەستپێکردوە
کە خۆشەویستی پێبەخشیم و
ووتی: منیش تۆم خۆشدەوێت

ئیدی ئەوان؛ تێناگەن لەوەی ......
لەیەکەم ساتەوەختی هەستەکانمان
مێژوو گۆڕا...
لەیەکەم رۆژی ناسینمان
رۆژ وەرچەرخا و
لەیەکەم دەربڕینی خۆشەویستیمان
هەسارەکان ئاڵوگۆڕبوون و
لەیەکەم ..
ئاوێتەبوونی رۆح و بەریەککەوتنمان
یەکەم، چیرۆکمان دەستپێکرد و
ناومان لێنا؛ پەرتووکی
«لە هەناوی عەشقەوە»
ئیدی ... من دەڵێم :
هەوڵبدەن و بیزانن...
ئەو؛ وایکرد بۆ یەکەم جار
دڵم؛ پێبکەنێت
جەستە؛ سەمای ئازادی بکات
رۆح؛ زیندوو و ژیانم ماناکانی
بدۆزێتەوە و
خەندەو پێکەنینم واتاداربێ و
بەخۆم بڵێم:ئێستا هەم و
هەست بە شاژنی عەرشی
عەشق دەکەم و

بە ئێوەش بڵێم: وەرن و بیزانن
تا چیتر لە نەزانینەوە
مافی حوکمداری
بەخۆتان نەدەن و چارەنوسمان
زەوت مەکەن

# بڵاوکراوەکانی کنێر عەبدوڵڵا

١. ژن لـە بازنەیەکـی داخـراوادا، سـاڵی ٢٠٠٥ چاپکـراوە، ٢٠٦ لاپەڕەیـە، کۆمەڵـە وتارێکـە تایبـەت بـە کێشـەکانی ژنـان.

٢. پێگـەی ژن لـە کۆمەڵگـەی کوردیـدا، سـاڵی ٢٠٠٦ چاپکـراوە، توێژینەوەیەکـی زانسـتییە (تیۆریـی و پراکتیکـی) تایبـەت بـە پێگـەی ژنانـی ئیشـکەر لـە کۆمەڵـی کوردیـدا.

٣. توندوتیـژی دژی ژنـان لـە فەرمانگـە حکومییەکانـدا، سـاڵی ٢٠٠٦ چاپکـراوە، ١١٩ لاپەڕەیـە، توێژینەوەیەکـی زانسـتی مەیدانییـە، بـاس لـەو توندوتیژییانـە دەکات کـە ڕووبـەڕووی ژنانـی فەرمانبـەر دەبێتـەوە لـە دامـودەزگا حکومییەکانـدا.

٤. کاتێـک تەنیایـی سـەپێنراو ڕوو لـە ژن دەکات، سـاڵی ٢٠٠٧ چاپکـراوە، ٨٧ لاپەڕەیـە، کۆمەڵـە بابەتێکـی وەرگێـڕاوە لـە زمانـی عەرەبییـەوە تایبـەت بـە دۆخـی ژنانـی تەڵاقـدراوو بێـوەژن.

٥. کوشـتنی ژنـان لـە ئامـاری میدیاکانـەوە، سـاڵی ٢٠٠٨ چاپکـراوە، ٩٧ لاپەڕەیـە، توێژینەوەیەکە سـەبارەت کوشـتنی ژنـان لە باشـوری کوردسـتان.

٦. بەشـداریکردنی سیاسـی ژنـان، سـاڵی ٢٠٠٨ چاپکـراوە، ١٢٦ لاپەڕەیـە، کۆمەڵـە وتارێکـی وەرگێـڕراوە لـە زمانـی عەرەبییـەوە.

٧. ژن و توندوتیژی، ساڵی ٢٠٠٨ چاپکراوە، ٢١٣ لاپەڕەیە، لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێڕراوە.

٨. پێم دەڵێن، ساڵی ٢٠٠٩ چاپکراوە، ١٣٥ لاپەڕەیە، کۆمەڵە بابەتێکە سەبارەت کێشەکانی ژنان.

٩. توندوتیژی دژی ژنان، ساڵی ٢٠١٠ چاپکراوە، ١١٥ لاپەڕەیە، لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێڕاوە.

١٠. دەسـتدرێژی سێکسـی دژ بـە ژنـان، سـاڵی ٢٠١٠ چاپکراوە، ١٤٢ لاپەڕەیـە، تایبەتە بـەو توندوتیژییانەی ڕووبـەڕووی ژنـان دەبێتەوە لە ڕووی سێکسـییەوە.

١١. تـۆم خۆشـدەوێت، ئـەی تـۆ؟! سـاڵی ٢٠١٣ و ٢٠١٤ چاپکـراوە، ٢٣٦ لاپەڕەیـە، بـاس لـە پرۆسـەی خۆشەویسـتی نێـوان کچـان و کـوڕان دەکات لـە کۆمەڵـی کوردیـدا.

١٢. ڕەوشـی ژنانـی هەرێمـی کوردسـتان لـە نێوەنـدی بڕیارسـازیدا، سـاڵی ٢٠١٥ چاپکـراوە، ١٦٥ لاپەڕەیـە، بـە هـەردوو زمانـی کـوردی وئینگلیـزی.

١٣. راپۆرتـی چاودێـری میدیایـی سـەبارەت بـە چۆنێتـی روماڵکردنـی کەیسـی ژنـان، ٢٠١٦ چاپکـراوە، ٤٨ لاپەڕەیـە، لێکۆڵینەوەیەکـە تایبـەت بـە دۆخـی ژنـان لـە سـایتە ئەلکترۆنییـەکان لـە هەرێمـی کوردسـتان بـە نـاوی (وێنـای ژن لـە ماڵپـەڕی کوردیـدا).

١٤. پێگـەو رۆڵـی ژنـان لـە کەناڵـی بیـنراودا، ٢٠١٧ چاپکـراوە، ١١٠ لاپەرەیـە، لیکۆڵینەوەیەکـە تایبـەت بـە دۆخـی ژنـان لەمیدیـای بیـنراودا لـە هەرێمـی کوردسـتان.

١٥. بەشـداری سیاسـی ژنـان لـە باشـوری کوردسـتان. سـاڵی ٢٠١٦ و ٢٠١٧ چاپکـراوە، ١٦٥ لاپەڕەیـە، لیکۆڵینەوەیەکـە لەسـەر دۆخـی ژنانـی باشـوری کوردسـتان لـە نێوەنـدی بڕیـاردا لـە سـەرجەم (خولەکانـی پەرلەمـان، کابینەکانـی حکومـەت، کۆنگرەکانـی حزبـە سیاسـییەکان و ناوەنـدی دادوەریـی لـە ساڵانی ١٩٩٢-٢٠١٧).

١٦. گۆشـە نیگاکانـم ، سـاڵی ٢٠٢٠ چاپکـراوە، ٢٤٠ لاپەڕەیـە، وتـاری هەمەڕەنگـە تایبـەت بـە ژنـان و چەمکەکانـی مافـی مـرۆڤ و دیموکراسـی.

١٧. سەرگوزەشـتەی رۆژانـی کۆڕۆنـا، سـاڵی ٢٠٢٠ چاپکـراوە، ١٣٠ لاپەڕەیـە، تایبەتـە بـە ئەرشـیفکردنی رۆژانـی کۆڕۆنـا لـە باشـوری کوردسـتان.